**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com


**دادگاکانی کوردستان سەرۆک جاشەتاوانبارەکان سزا نادات کەچی رۆژنامەنووسان دەتووقێنێت**

ماوەیەکە سەرلەنوێ دەسەڵاتی کوردی کەوتۆتە فشار خستنە سەر رۆژنامەنووسان، وەک دەرکردنی رۆژنامەنووس ئاسۆی جەمال موختار لە بری براکەی کە مالپەرێک بە ریوە دە بات بەناوی کوردستان پۆست، ئەمەش هەمان فشارەکانی رابردوو دێنێتەوە یادمان کە لە بری برا پێشمەرگەبوون باوک و براکانیان دەردەکران لە کارو دەخرانە زیندانە وە.

لەکاتێکدا لە دادگایەکی عێراقی عەرەبیدا بریاری دەستگیرکردنی سەدان تاوانباری کورد دەرچووە دەسەڵاتی کوردی هێچ هەنگاوی جدی ناهاوێژێت، کە چی هەمان یاسا لە کوردستان لەبەرامبەر رۆژنامەنووسان بەتەواوی پیادە دەکەن، وەک ئەو دادگایی کردنەی رۆژنامەی ئاوێنە بە بیانوی سوکایەتی کردن بە سەرۆک جاشی کۆنی رژێم ئاکۆی مامەند ئاغا کە دەرهەق بە رۆژنامەی ئاوێنە لەدادگای رانیە لەسەری تۆمار کراوە، کە وا چاوەروان دەکرێت کە بریاری کۆتایی لە 7/25 ئەنجام بدرێت.

ناوەندی چاک رسوای ئەو فشارانە دەکات بۆ سەر رۆژنامەنووسان، لە هەمان کاتدا ئەو ە رادەگەیەنێت کە پەیوەندی بەورێکخراوانە دەکات کە داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنوسان دەکات.

ناوەندی چاک
20070706


ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.